# بارو دۆخی منالآن له جیهاندا

وەرگێڕانی:-سەروەت حامد

3ملیۆن منالْ لەسالْی ڕابردوودابەهۆی نەخۆشیئایدزەوە ژیانیان لەدەست داوە،40ملیۆن منالْ ئاوی خواردنەوەی پاکیان نیە زیاتر لە یەک ملیارد منالْ(کوڕوکچ) لە هەژاریدا دەژین.

بەپێی ڕاپۆرتی سالآنەی یونسیف:-هەر لەدوو مندالْ منالێک لەپێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیان بێبەشن نەوەک تەنها لەولآتە هەژارەکاندا،بەلْکوو لەوولآتە پیشەسازیە دەولْەمەندەکانیشدا هەژاری لە نێوان مندالآندا پەرەی سەندووە.

لەڕاپۆرتەکەی یونسیفدا هاتووە کە چۆن لە سالْی 2004 دا هەژاری ، جەنگ وئایدز وەکو یەک یەکتریان بەهێزکردووە و ئایندەی منالآنیانیان تاریک کردووە.

لە سەراسەری جهاندازیاتر لە 645ملیۆن منالْ بەبێ بوونی سەربان(خانوو)یەک لە پشت سەریانەوە ژیان دەکەن،زیاتر لە 500ملیۆن منالْ بێبەشن لە بوونی توالێت،400 ملیۆن منالْ دەستیان بە ئاوی پاک ڕاناگات دیتر گالیشز:-بەڕێوبەری بەشی ئەلْمانیای یونیسیف دەلێت ..بەهۆی بوونی هەژاری لە نێوان منالْندا منالآن زیاتر تووشی نەخۆشیەکان دەبن و ڕادەی مەرگ و مردن لەنێوانیاندا زیاترە،هەروەها منالآن زیاتر دووچاری چەوسانەوە کەلْک لێوەرگرتنی خراپ دەبنەوە،ج لە ڕێگای کارپێکردنیان ،یان لە ڕێگای بەکارهێنانیان لە لەشفرۆشیدا.

منالآنی هەژار زیاتر لە خوێندن دوور دەکەونەوە و زیاتر توشی ئایدز دەبن.

ژمارەیەکی زۆر لەمنالآن لەناوچەجەنگێکانداووچاری کارە تیرۆرستێکان دەبنەوە،وەکو لەدیسامبەری 2004دا خوێندگایەک لەلایەن کۆمەلْێک چەکدارەوە لەشاری (بسلان)ی کۆماری ڕووسیادا دەستی بەسەرا گیراو بووە هۆی گیان لە دەست دانی 330 کەس،نمونەیەکی ترلەسالْی2003 لەکاتی ڕووبەڕوونەوەکانی نیوان هێزەکانی دەولْەت و یاخیبووەکانی هەرێمی ئاچ ئەندەنوزیا460 خوێندنگا سوتاوە

کول گاتم-هاوکاری بەڕێوبەری جێبەجێکردنی یونیسیف:-

باسی هەزاران دیاردەی ڕفاندنی منالآن دەکات بە دەستیگروویە چەکدارەکان کەهێرس دەکەنە سەر قوتابخانەکان منالآن بە زۆر چەکدار داکەن وەکو لەولآتی نیپالْ و کۆنگۆ

هەروەها گام دەلێت یەکێکی تر لەو مەترسیانەی کە منالآن دوچاری دەبن نەخۆشی ئایدزەلەسالْی ڕابردوودا 3ملیۆن منالْ بەهۆی ئەم نەخۆسیەوە گیانیان لە دەست داوە و لەنێوان ئەم ژمارەیەدا نیو ملیۆنیان تەمەنیان لە خوار 18 سالْەوە بووە، ، ئەم ژمارەیە دەکاتە ڕێژەی منالآنی ئەلْمانیا

کانگ لانگ:- پیانو ژەنێکی خەلْکی چینەو تازە لەغەلْ یونیسیف دا کاردەکات ،لانگ 3 مانگ لەمەو پێش لەولآتی تانزانیا بووەدەربارەی بارودۆخی منالآنی ئەم ولآتە دەلێتژمارەیەکی زۆری منالْی جوان وزیرەکم بینیوە کە بەداخەوە دووچاری نەخۆسی مەلاریا وئایدز بوون .

لەسەرەسەری جیهاندا زیاتر لە120 ملیۆن منالْ بۆ خوێندن ناچن، بەتایبەتی زۆربەیان کچانن کە بێ بەشن لە خوێندن.

لە ولآتانی دەولْەمەندیشدا هەر ڕۆژەی ژمارەی ئەو منالآنەی کە بەلەشکری هەژاریوە پەیوەست دەبن لە زیاد بووندایەتەنها لە ئەلْمانیا لە سالْی 1999تا 2000 ژمارەی منالآنی هەژار لە 4% بۆ 9% زیادی کردووەلە ئێستادا 1 ملیۆن منالْ بەیارمەتی کۆمەلآیەتی دەولْەت ژیان دەکەن.

بە پێی ڕاپۆرتەکەی یونیسێف هیچ کاتێک وەکو ڕۆژگارەکانی ئێستا ژیانی منالْی ئینسانەکان لە مەترسیدا نەبووە،تەمەنی ژمارەیەکی زۆر لەمنالآن لە کەمبوندایە لەگەلْ بەراورد بە تەمەنی باوک وباپیرانیان.

دەبێ هەموو منالآن ئاوی پاکی خواردنەوەیان هەبێت،دەبێ منالآن پارێزراوبن لە نەخۆسی ئایدز.

سالآنە پێویست بە 70ملیارد دۆلار هەیە بۆ کەم کردنەوەی کێشەکانی منالآن ،لەکاتێکداسالآنە 956 ملیارد دۆلاربۆ چەک سازی خەرج دەکرێت.